# یەکەمین داگیرکاری شوناسی کەلتوری لە کوردستانی کۆن لەلایەن عوبەیدیەکانەوە

د.عثمان تۆفیق فتاح
othman,fatah@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی
بەشی شوێنەوار

م.جزا شۆڕش حمه شریف
jaza.hamasharif@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی
بەشی شوێنەوار

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

کەلتوری عوبەید بە یەکەم کەلتور دادەنرێت کە لە ناوچەکانی باشوری میزۆپۆتامیادا سەری هەڵدابێت، ئەمەش پاش کشانەوەی ئاوی کەنداوی عەرەب و دەرکەوتنی زەوی لە ناوچەکانی باشوری میزۆپۆتامیا ڕویداوە.

بێگومان هەموو کەلتورێک شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە و وابەستەی ئەو ژینگەیەیە کە تییدا دروستبووە. لە دوای دەرکەوتنی ئەم کەلتورە و بڵاوبونەوەی بە ناوچەکانی باشوری میزۆپۆتامیادا، پەلیکێشا بۆ ناوچەکانی باکوری میزۆپۆتامیادا و سەرزەمینی کوردستانی کۆنیشی داپۆشی. ئەمەش بە یەکەم داگیرکاری کەلتوری دادەنرێت. چونکە لەو کاتەدا لە بەشی باشورو ڕۆژئاوای کوردستانی کۆن کەلتوری حەلەف باڵادەست بووە کە کەلتورێکی باکورییە.

کەلتوری عوبەید مۆرکی ناوچەکانی باشوری لەگەڵ خۆی هێنا بۆ باکور و بوو بە جێگرەوەی کەلتوری حەلەف. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ناوچەیی لەسەرئەم کەلتورە دەرکەوت و گۆڕانکاری لە شێوازی دروستکردنی گڵێنەکان و بە تایبەت دروستکردنی وێنەی سەر گڵێنەکان دەرکەوت. ئەم کاریگەریە زۆر بە ڕوونی لەسەر وێنەی سەر گڵێنەکانی عوبەیدی باکور ڕەنگیداوەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین کەلتوری عوبەید بناسێنین و کاریگەری لەسەر کەلتورەکانی باکوری میزۆپۆتامیا (کوردستان) دەربخەین و بە پێچەوانەشەوە. هەروەها باس لەو ژینگەیەش دەکەین کە کلتورەکەی تیادا دەرکەوتووە.


لە تەوەری دووەم دا باس لە پەلهاویشتنی کەلتوری عوبەید بەرەو باکوری میزۆپۆتامیا وکاریگەریەکانی دەکەین. لە کۆتا تەوەردا باسی ئەو جیاوازی و وێکچوونانە دەکەین کە لە نێوان کەلتوری عوبەیدی باشور و باکوردا هەیە و ئەوە دەخەینە ڕوو تاچەند عوبەیدیەکان توانیویانە مۆرکی داگیرکاری خۆیان بەسەر کەلتوری باکوردا بەجێ بهێڵن.

## ١-١ زارەوەی گڵێنەی عوبەید و شوێنی جوگرافی :

زاراوەی گڵێنەی عوبەید لەبنەڕەتدا بۆ دەستنیشان کردنی جۆرێکی تایبەت لە گڵێنە بەکاردەهات کە لەگردی عوبەید لەباشوری مێسۆپۆتامیا دۆزرایەوە.( Carter and Graham,2010,23, 24 ) ئەم گردە کەوتۆتە دووری ٦کم باکوری ڕۆژئاوای شاری ئور (موقەییەر)، و ١٥ کم لە ئێریدو (ئەبو شەهرەین)ەوە دورە، کەوتۆتە سنوری پارێزگای ناصریە لە

باشوری عێراقی ئەمڕۆ(Hall,1919,13). شوێنەواری گردی عوبەید ساڵی ١٩١٩ لەلایەن بەڕێز هۆڵ H. R. Hall ەوە دۆزرایەوە(حمە شریف،٢٠١٦، ٥٢)، پاشان ساڵی ١٩٢٣ بۆ ١٩٢٤ کاری کنەوپشکنینی لەلایەن لیۆنارد وولی Woolly C. l. ەوە تێدا ئەنجامدرا(Hall,1919, 55) . زاراوەی عوبەید سەرەڕای تەرزە گڵێنەییەکەی هەم بۆ سەردەمێکی شوێنەواری، هەمیش بۆ ناونانی کەلتورێکی تایبەتیش بەکاردێت(Stein,2010, 23). زاراوەی عوبەید لە کۆبونەوەی شوێنەوارناسان لە بەغدا ساڵی ١٩٢٩- ١٩٣٠ز (Matthews.2003. 16)، لەگەڵ زاراوەی جەمدەت نەصر و ئوروک چەسپێنران(ئەحمەد،٢٠٢٠، ٢١٠) و (Potts,1983, 17-32).

بنەی بڵاوبونەوەی ئەم کەلتورە بریتیە لە باشوری مێسۆپۆتامیا، لە شوێنەوارەکانی عوبەید، ئێریدو، قەڵای حاجی محمد، ئوروک و هتد..... قۆناغەکانی دۆزراونەتەوە(ئەحمد، ٢٠٢٠، ٢١٠). بروانە وێنەی ژمارە(١)، لە عوەیلی کە یەکێکە لە نیشینگە گرنگەکانی سەردەمی عوبەید و پێنج چینی عوبەیدی تێدا دۆزراوەتەوە، بەپێی شیکاری گڵێنەکان، دوا چینی بنەوەی ئەم نشینگە کە بە چینی عوبەیدی سفر یان چینی عوەیلی ناسراوە، سەرەتاییترین سەردەمی عوبەیدە(حمەشریف،٢٠١٥، ٦٢). قۆناغی گواستنەوەش کە هەندێک شوێنەوارناسی وەک ئۆتس Oates 1976 و فۆرێستForest 1996 بە عوبەیدی پێنج ناوی ئەبەن، مێژووی ئەم سەردەمە فراوانتر ئەکات، واتە لە باشوری مێسۆپۆتامیا عوبەیدی سفر بۆ عوبەیدی پێنج لە ٦٥٠٠- ٣٨٠٠ پ.ز خایاندوە، بەڵام لە هەندێ ناوچە ئەم سەردەمە لە ٥٣٠٠- ٤٣٠٠پ.ز. بڵاوبووە(Carter and Graham,2010, 2).




وێنەی ژمارە (١)

نەخشەی سەرەتای دەرکەوتنی کەلتوری عوبید لە باشوری میسۆپۆتامیاو فراوانبوونی پشان ئەدات

https://archeologie.culture.gouv.fr/tell-feres/ar/alzahrt-albydyt

سەبارەت بە ژیان پێش عوبەیدیەکان لە باشوری مێسۆپۆتامیا و ئەوەی کە دەربارەی ژینگە و کەش و هەواکەی زانراوە لەو قۆناغەی کە ژیان تێیدا دەستی پێکردووە ئەوەیە کە لە نێوان ٦٥٠٠ بۆ ٥٥٠٠ پ.ز ژینگەیەکی زۆر ووشکی هەبووە، پاشان تەڕە ساڵی هاتووە تا ٣٥٠٠پ.ز. لەهەمان کاتدا هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لافاویان زۆر بووە لەماوەی هەزارەی چوارەمی پێش زاین(Issar and Zohar,2007, 69). هانز نیسێن Nissen H ئاماژەی بەوە داوە تا نیوەی هەزارەی چوارەمی پ.ز. بەشی باشوری خاکی مێسۆپۆتامیا لەژێر ئاوی هەوراوەکان(هۆڕاو)/ زەلکاو سوێرەکاندا بووە یان ساڵانە ژێر ئاو کەوتووە(Nissen,1988, 58-60). ئەم کەمی خاکە هۆکار بووە بۆ لاوازی و شاشی لە نیشتەجێ بوون لەو ناوچانەدا پێش عوبەیدیەکان و سەردەمی عوبەیدیش، هەرچەندە ئۆتس Oates پێی وایە باشوری مێسۆپۆتامیا لەوە زیاتر خەڵکی تێدا ژیاوە لەوەی کە ئەزانرێت(Oates.1993. 145-148). لە توێژینەوەیەکی تریدا ئۆتس ئاماژە بە وتەی لیز و فالکۆن ئەدات

کە پێیان وایە گونجاوە کە خەڵکانێک لە هەوراوەکاندا هەبوبن و توانیبێتیان ژیانی خۆیان لەسەر ڕاوی ئاژەڵ و ڕاوە ماسی دابین بکەن، وەک چۆن دراوسێکانیان ژیانیان لەسەر ڕاوکردن و خۆراک کۆکردنەوە بووە(Oates,1960,49). لێرەدا ئۆتس ئەیەوێ ئەوەمان پێی بڵێ کە ئەکرێ لە باشور پێش عوبەیدیەکان خەڵکانێکی لێ ژیابن و ئەگەر هەیە شوێن پێیان بدۆزێتەوە، پێی وایە کە ئەکرێ ئەو خەڵکە ڕەسەنە چەند کۆمەڵگەیەکی جیاوازیش بوبن لە ڕووی کەلتوریەوە، بەڵام دانیشتوانی ڕەسەنی باشوربوبن(Oates, Ibid).

بەپێی توێژینەوەیەکی نوێ کە لەلایەن مارک ئەلتەویل و چەند توێژەرێکی تر موە ئەنجامدراوە پشتیان بە زانستی ژینگەناسیی دێرین (paleoenvironment) بەستووە، گەشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە ناوەراستی مێسۆپۆتامیا، ناوچەی بەغدادی ئەمڕۆ لە هەزارەی پانزدەیەمی پ.ز. گونجاو بووە بۆ نیشتەجێ بوون.Altaweel , et al,2019,p.18) .) بەڵام ووشکە ساڵی لە کۆتایی هەزارەی چوارەم بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز (Altaweel, et al, Ibid) .. لەو ناوچانەدا زیادی کردووە. جێگای باسە تاکو ئێستا هیچ شوێنەوارێکی نیشتەجێ بوون لەباشور و ناوەراستی عێراق لە نێوان ئەو هەزارانەدا نەدۆزراوەتەوە. هەرچەندە توێژەرانی ئەو توێژینەوەیە (مارک ئەلتەویل و ئەوانی تر) پێیان وایە ئەکرێ ئەوانەی لەو ناوچەیە ژیاون پێش سەردەمی عوبەید کەمتر خشتی قوڕیان بەکارهێنابێ و زیاتر کەرەستەی وەک قامیشیان بەکارهێنابێ کە لەناوچونی ئاسانترە لە چاوکەرەستەی تر، وە بەم تەرزە باوەی ئێستای شوێنەوارناسی ئاسان نادۆزرێنەوە ( Altaweel, et al, Ibid.

سەبارەت بە ڕووەک، توێژینەوەکەیان گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی دارخورما و دار بەڕوو لە باشوری مێسۆپۆتامیا هەبوون، کۆنترین بەڵگەی دارخورمایماڵیکراو بۆ دوای هەزارەی شەشەمی پ.ز ئەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا پێش ئەم هەزارەیە دار خورماکان کێوی بوون، سەبارەت بەدار بەڕوو لە باشور لەسەردەمی عوبەید و سەرەتای ئوروک دیارنەماوە لە کاتێکدا لە هەزارەکانی پێش تر هەبووە؟ (Stein,2012, 125–151 ) پێدەچێت کەم بونی ئەم ڕووەکە هۆکارێک بوبێ بۆ پەلهاویشتنی عوبەیدیەکان و داگیرکاری بەرەو باکور بۆ دەست خستنی سەرچاوەی سوتەمەنی و کەرەستەی خانوبەرەبەرە. ( Altaweel, et al,2019, 18)

سەبارەت بە شێوازی ژیان لە باکوری میسۆپۆتامیا پێش هاتنی عوبەیدیەکان ئەم ناوچانە (کوردستانی کۆن) تا دەرکەوتنی عوبەیدیەکان پێشەنگی لانکەی ژیان و پەرەسەندنەکانی مرۆڤ بوو لە مێسۆپۆتامیادا، ئۆقرەگرتن و ژیان لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە دەست خستنیان پشتی بە باران بەستبوو کۆمەڵگەی بچوک و خۆبەشی هێنابووە کایە( Ahmed,2012, 23)، جگە لەوەی لەم ناوچانە هەردوو شارستانیەتی سامەڕاء و حەلەف باڵادەست بوون، یەکەمیان لە لایەن هرستفێلد لەژێر شارە کۆنەکەی سامەڕای پایتەختی عەباسی دۆزرایەوە بە گشتی بنەچەی شارستانیەتی سامەڕا لە نزیک ڕووباری دیجلەیە، بەڵام شوێنی سەرەکی شارستانیەتی حەلەف لە بەشی سەرەوەی ڕووباری خابورە (بصمجی، ١٩٤٨، ١٩)، کاریگەری ئەم کەلتورە لەسەر کەلتوری عوبەید زۆر نەبووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ناوچانەی کە نشینگەکانیان لە یەکترەوە نزیک بوون ئەم کاریگەریە بەڕوونی دەردەکەوێت بە تایبەتیش لەسەر گڵینەی عوبەیدی باکور قاپێکی گڵینەیەک لە گردی صنگر A دۆزراوەتەوە لە ناوچەی حەمرین، وێنەی سێ ماسی لەسەرە بە ئاراستەی میلی کاتژمێر ئەسوڕینەوە (حمە شریف، ٢٠١٥، ٣٧٣) وێنەی ژمارە (٢-a)، هاوشێوەی ئەم وێنەیە لەسەر قاپێکی سەردەمی سامەڕاء لە شاری سامەڕاء دۆزراوەتەوە بەڵام ماسیەکان بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە ئەسوڕێنەوە(کاظم،٢٠٠٩، ٢٤٣)بڕوانە وێنەی ژمارە (٢-b)، ،ئەم شێوازە لە سەردەمی سامەڕاء زۆر باو بووە.




وێنەی ژمارە (٢)

a-قاپێکی سەردەمی عوبەیدی دووەم (jasm,1985,fig.249)

b-قاپێکی سەردەمی سامەڕاء (کاظم، ٢٠٠٩،ص٢٤٣)

دووەمیان لە گردی حەلەف لە دووری (5) کم باشوری ڕۆژئاوای سەرێ کانی (رأس العين) لە کوردوستانی ڕۆژئاوا لە لایەن ڤۆن ئۆپنهایم دۆزرایەوە دەرکەوتوون بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی کوردستانی کۆن باڵادەست بووە(بصمجی، ١٩٤٨، ١٩) بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣) .




وێنەی ژمارە (٣)


نەخشەی بڵاوبونەوەی کەلتوری حەلەف و سەرەتای هاتنی کەلتوری عوبەید بۆ باکور

(Becker,2012,fig.1)

زۆرینە

ی نشینگەکانی شارستانیەتی حەلەف کەوتونەتە ناوچەیەکی باراناوی ئەمەش ژینگەیەکی گونجاو بوو بۆ کشتوکاڵ کردن حەلەفیەکان بۆ کشتوکاڵکردن پشتیان بە باران بەستووە(ابراهیم، ٢٠١٨، ٤٣٩)، ئەم شێوازی ژیانە ژینگەیەکی لە باری

دروستکردووە بۆ داهێنان لە بوارەکانی بیناسازی و گڵێنە و پەیکەرتاشی و هەروەها کانزای مس لەم سەردەمە دۆزرایەوە ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی چاخی بەردینی کانزایی، لە ڕووی بیناسازیەوە شێوازێکی بیناسازی لە گردەکانی ئەرپەچیەو تەپەگەورەی نزیک موصڵ هەروەها لە گردی یارم تەپە لە دۆڵی دوو ڕووبار لە ناوچەی دەشتەکانی ڕۆژئاوای موسڵ و هەروەها لە هەندێ ناوچەی باکوری سوریاش ئەم شێوازی بیناسازیە دەرکەوت(علی،١٩٧٧، ٦٤) بینای ثۆلۆی (tholoi) tholos ) ناسراوە پێکهاتووە لە ژوورێکی بازنەیی دەرگاکەی دەکەوێتە سەر ژوور یان حەوشە؟یەکەیەکی شێوە لاکێشەیی (Mallowan and J, 1933, 29-30) بڕوانە وێنەی ژمارە(٤)، بەڵام ئەم شێوازی بیناسازیە لە سەردەمی عوبەید نە لە باشور نە لە باکور تا ئیستا نەدۆزراوەتەوە.




وێنەی ژمارە (٤)

بینای ثۆلۆی (tholoi) یان ثۆلۆس (tholos ) لەگەڵ شێوەی خەیاڵی بیناکە

( Mallowan and J, 1933,p29-30)

کاری گڵێنەسازی گرنگی زۆری پێدرا بە تایبەتیش لە ڕووی هونەریەوە ئەزمونی زۆرریان هەبوو لە ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی گڵێنەکان بە نەخشی جۆراوجۆر کە کاریگەریی ژینگەیی دەوروبەری بەسەرەوە بوو (صاحب،٢٠١٢، ١٣٨)، نەخشی ئەندازەیی وەک سێگۆشە و بازنە و هێڵی شەپۆلدار و ستونی و ئاسۆیی و شکاوە هەروەها نەخشی خاڵ بەکارهاتووە(ابراهیم، ٢٠١٨، ٤٣٩) ، نەخشی ڕووەکی یەکێکی ترە لەو نەخشانەی بەشێوەیەکی بڵاو لەسەرگڵێنەکانی ئەم سەردەمە دەرئەکەون بە سەرنجدان لەو نەخشانە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشی زۆری ئەو گوڵ و درەختانەی لەسەر گڵێنەکانی سەردەمی حەلەف دەردەکەون بە هەمان شێوە لەسەر گڵێنەکانی سەردەمی عوبەیدی دووەم لە باکور دەردەکەون بڕوانە وێنەی ژمارە (٥).



گڵێنەی سەردەمی حەلەف — گڵێنەی سەردەمی عوبەی دووەم (حاجی محمد)

وێنەی ژمارە (٥)

گڵێنەی سەردەمی عوبەی دووم و حەلەف پشان ئەدات (حمەشریف، ٢٠١٥، ص٤٢٣)

کاریگەری کەلتوری حەلەف لەسەر گڵێنەکانی عوبەیدی؟ بە ڕوونی دەردەکەوێت بە جۆرێک جەیمس میلارت پێی وایە کە گڵێنەی حەلەف کاریگەری لەسەر گڵێنەی عوبەیدی دووەم (حاجی محمد) لە باشوریش هەبووە، کاثرین برینکویت باسی ئەم پەیوەندیە ئەکات پێی وایە کە قوری گڵێنەکان و سافکردن و نەخشەکانیان زۆر لەیەک دەچن، هاربیت کراوفورد پێی وایە

پەیوەندی لە نێوان سەردەمی حەلەفی کۆتایی و سەردەمی عوبەیدی دووەم (حاجی محمد) هەبووە لەبەر ئەوەی ئەم دووانە هاوسەردەم بوون (حمەشریف،٢٠١٥، ٤٢٢-٤٢٣).

لەکاتێدا لەباشور سیستەمی ژیان جیاوازتر بوو لە باشور، سیستەمی ئاودێری، پەرستگای گەورە و گەنجینەی دانەوێڵە و بەناوەندی کردنی پیشەگەری وایانکرد جیاوازی چینایەتی ئابوری بێتەکایەوە. (Stein,2012,.175) سەرکردەکانیان دەسەڵاتیان لە ناوپەرستگادا بەکارئەهێنا بۆ کۆکردنەوەی زیادەی بەرهەم، دەستخستنە ناو کایەی ئاین وایکرد دەستەڵاتدارەکان چاویان لەناوچە و زەوی زیاتر بێ بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتری خەڵک، ئەمەش وا ئەکا داهات زیاتربێ. پەیوەندی دەسەڵات و پەرستگا وایکرد شاری پیرۆز پەیدا ببێت وەک ناوەندی پەرستش، وەک شاری ئەریدو، ناوەندی بونی پەرستش ڕۆڵی هەبووە بۆ گەورەکردن بە ناوەندی کردنی هێز. (Stein,2012, .175 )

مالۆوان و ڕۆز Mallowan and Rose باس لە دەرپەڕاندنی حەلەفیە دەوڵەمەندەکانی نیشتەجێی ئەرپەچیە ئەکەن و شوێن گرتنەوەیان لەلایەن تازەهاتووە هەژارەکانی باشورەوە دەکەن، بەتایبەت لە قۆناغی کۆتایی ژیان لە ئەرپەچیە. ئەم تازە هاتوانە خانوە گەورە و پتەوەکان و کۆڵانە ڕێک و گەورەکانیان تێکداوە بە خانوی بچوک و بێ پلان و نەهێشتنی کۆڵانەکان. سەرەڕای ئەوەش هەردوو هەڵکۆڵەر/کنەکەر باس لە بچوک بونەوەی قەبارەی گردەکە ئەکەن لەپاش هاتنی عوبەیدیەکان، لە کاتێکدا ئەم تازە هاتوانە لەناوەڕاستی نشینگەکە نیشتەجێ بون ئەمەش وایکردوە نشینگەکە بەرزتر بێتەوە. ) (Mallowan and Rose,1935,14 بەڵام شتاین Stein بۆ چونێکی برینیکویت Breniquet ی هێناوەتەوە، کە گوایە بڵاوبونەوەی عوبەیدیەکان لە ناو پانتایی کەلتوری حەلەفیەکانی باکور ئاشتیانە بووە،.(Stein,2012,128) ئەگەر هاتنی عوبەیدیەکان بۆ باکور ئاشتیانە بوبێ چۆن ئەکرێ دانیشتوانی نیشینگەیەک دڵی نیشینگەکەی خۆیان چۆڵ بکەن بۆ هاتوە نوێیەکان؟ لەهەمان کاتدا ئەکرا قەبارەی نشینگەکە فراوانتر بوایە نەک بچوک بوایەتەوە؟ وەک ئەوەی لە ئەنجامی کنەوپشکنینەکاندا دەرکەوتوە. لەوەش سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە کە تازە هاتوەکانی عوبەید وا پێناسە کراون کە هەژاری مادی و کەلتوری بوبن، چونکە هەم خانوەکانیان بچوک و بێ پلان بوە هەم کەرەستە کەلتوریەکانیشیان بەشێوەیەک نەبوە کە لە ژیانیان تێبگەین. چیرۆکی خانوە سوتاوەکەی ئەرپەچییە، بەپێی شیکاری مالۆوان یەکێکە لەو بەڵگانەی کە ئاماژەیە بە هاتنی نائاشتیانەی عوبەیدیەکان بۆ باکور. (Campbell,2000,2 )ڕای نوێ دەربارەی بڵاوبونەوەی عوبەید لە باکور، پێی وایە بڵاوبونەوەکە بە شێوەی ئاشتیانە بوە لە ڕێگەی وەرگرتنی کەلتوری مادی نوێ وەک تەرزی گڵێەسازی، پەرستگا و شێوەی خانوەکان، ئەم وەرگرتنی کەلتورە نوێیەی باشور لە نیوەی کۆتایی هەزارەی پێنجەمدا ڕویداوە، کە هاوتای عوبەیدی ٣ و ٤ و یەکەمین جار لەتەپە گەورە دەرکەوت. (Stein, 1994, 43 ) شیکاری DNA و لێکۆڵینەوە لە هەندێ ئێسکەپەیکەر لە گردی کوردو لە کوردستانی باکور دەریانخستوە کە بەردەوامێتی بۆماوەیی لەدانیشتوانەکەیدا هەبوە لە پێش عوبەید بۆ سەردەمی عوبەید.(Özbal,2010, 301 ) سەرەڕای گردی کوردو قۆناغی گواستنەوە لە حەلەفەوە بۆ عوبەید لە چەندین شوێنی کوردستان دۆزراوەتەوە لەوانە تەپە گەورە و ئەرپەچییە.(Dabbagh,1966, 23 ) لەم شوێنانەدا تێکەڵی هونەری هەردوو کلتورەکە بەدی کراوە بەتایبەت لە هونەری گڵێنەسازیدا.

کەلتوری عوبەید بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆلێن کراوە، کەئەوانیش عوبەیدی باشور و باکورە، عوبەیدی سفر، یەک و دوو زیاتر لە باشور بڵاوبۆتەوە، لە کاتێکدا عوبەیدی سێ و چوار زیاتر لە باکوری مێسۆپۆتامیا بڵاوە. ,Stein,2020 ) (175 گەیشتنی عوبەید بە کوردستان، لە هەریەکە لە تەپە گەورە، یارم تەپە، حاجی نەبی و حاموکار سەرەتا لەشێوەی پەیوەندی بازرگانی دەستی پێکرد، (Stein,2012, 125 ) ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی جیاواز دائەنرێ لە مێژووی مێسۆپۆتامیادا، چونکە یەکەمین جارە دوو کەلتوری جیاواز لەم ناوچەیەدا تێکەڵ ئەبن. (Jasim,1996, 215) لەم سەردەمەدا (٥٣٠٠- ٤٥٠٠) پ.ز. هەندێ سیمای ئەم کەلتورە لە باکوری مێسۆپۆتامیا بڵاوبوەوە، لە گرنگترینیان بریتی بوون لە تەکنیکی گڵێنەسازی، بیناسازی بە تایبەت بینای پەرستگا و مێخی قوڕین کە بە (mullers) ناسراوە.-Stein, 2010, 23 ) 24)

**٢-١ پەلهاویشتنی کەلتوری عوبەید بەرەو باکوری میزۆپۆتامیا(کوردستان) وکاریگەریەکانی**


سەردەمی عوبەید قۆناغی گواستنەوەیە لە گوندەوە بۆ کۆمەڵگەی پێشکەوتوو complex urban societies( Severtsen,2010,201) سەردەمی گەڕانەوەی هەژمونی کەلتورییە لە باشورەوە بەرەو باکور، بۆ نمونە کوردستان تا دەرکەوتنی عوبەیدیەکان پێشەنگی لانکەی ژیان و پەرەسەندنەکانی مرۆڤ بوو لە مێسۆپۆتامیادا، ئۆقرەگرتن و ژیان لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە دەست خستنیان پشتی بە باران بەستبو کۆمەڵگەی بچوک و خۆبەشی هێنابوە کایە، لەکاتێدا لەباشور سیستەمی ژیان جیاوازتر بوو(Ahmed, 2012, 23). لە باشور، سیستەمی ئاودێری، پەرستگای گەورە و گەنجینەی دانەوێڵە و بەناوەندی کردنی پیشەگەری وایانکرد جیاوازی چینایەتی ئابوری بێتەکایەوە(Stein,2020, 175). سەرکردەکانیان دەسەڵاتیان لە ناوپەرستگادا بەکارئەهێنا بۆ کۆکردنەوەی زیادەی بەرهەم، دەستخستنە ناو کایەی ئاین وایکرد دەستەڵاتدارەکان چاویان لەناوچە و زەوی زیاتربێ بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتری خەڵک، ئەمەش وا ئەکا داهات زیاتربێ. پەیوەندی دەسەڵات و پەرستگا وایکرد شاری پیرۆز پەیدا ببێت وەک ناوەندی پەرستش، وەک شاری ئەریدو، ناوەندی بونی پەرستش ڕۆڵی هەبوە بۆ گەورەکردن بە ناوەندی کردنی هێز(Stein.2020, 175).

مالۆوان و ڕۆز Mallowan and Rose باس لە دەرپەڕاندنی حەلەفیە دەوڵەمەندەکانی نیشتەجێی ئەرپەچیە ئەکەن و شوێن گرتنەوەیان لەلایەن تازەهاتوە هەژارەکانی باشورەوە دەکەن، بەتایبەت لە قۆناغی کۆتایی ژیان لە ئەرپەچیە. ئەم تازە هاتوانە خانوە گەورە و پتەوەکان و کۆڵانە ڕێک و گەورەکانیان تێکداوە بە خانوی بچوک و بێ پلان و نەهێشتنی کۆڵانەکان. سەرەڕای ئەوەش هەردوو هەڵکۆڵەر/کنەکەر باس لە بچوک بونەوەی قەبارەی گردەکە ئەکەن لەپاش هاتنی عوبەیدیەکان، لە کاتێکدا ئەم تازە هاتوانە لەناوەڕاستی نشینگەکە نیشتەجێ بون ئەمەش وایکردوە نشینگەکە بەرزتر بێتەوە(Mallowan,1935,14). بەڵام شتاین Stein بۆ چونێکی برینیکویت Breniquet ی هێناوەتەوە، کە گوایە بڵاوبونەوەی عوبەیدیەکان لە ناو پانتایی کەلتوری حەلەفیەکانی باکور ئاشتیانە بوە(Stein,2012,128)، ئەگەر هاتنی عوبەیدیەکان بۆ باکور ئاشتیانەبوبێ چۆن ئەکرێ دانیشتوانی نیشینگەیەک دڵی نیشینگەکەی خۆیان چۆڵ بکەن بۆ هاتوە نوێیەکان؟ لەهەمان کاتدا ئەکرا قەبارەی نشینگەکە فراوانتر بوایە نەک بچوک بوایەتەوە؟ وەک ئەوەی لە ئەنجامی کنەوپشکنینەکاندا دەرکەوتوە. لەوەش سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە کە تازە هاتوەکانی عوبەید وا پێناسە کراون کە هەژاری مادی و کەلتوری بوبن، چونکە هەم خانوەکانیان بچوک و بێ پلان بوە هەم کەرەستە کەلتوریەکانیشیان بەشێوەیەک نەبوە کە لە ژیانیان تێبگەین. چیرۆکی خانوە سوتاوەکەی ئەرپەچییە، بەپێی شیکاری مالۆوان یەکێکە لەو بەڵگانەی کە ئاماژەیە بە هاتنی نائاشتیانەی عوبەیدیەکان بۆ باکور(Campbell,2000,2). ڕای نوێ دەربارەی بڵاوبونەوەی عوبەید لە باکور، پێی وایە بڵاوبونەوەکە بە شێوەی ئاشتیانە بوە لە ڕێگەی وەرگرتنی کەلتوری مادی نوێ وەک تەرزی گڵێەسازی، پەرستگا و شێوەی خانوەکان، ئەم وەرگرتنی کەلتورە نوێیەی باشور لە نیوەی کۆتایی هەزارەی پێنجەمدا ڕویداوە، کە هاوتای عوبەیدی ٣ و ٤ و یەکەمین جار لەتەپە گەورە دەرکەوت(Stein, 1994,43). شیکاری DNA و لێکۆڵینەوە لە هەندێ ئێسکەپەیکەر لە گردی کوردو لە کوردستانی باکور دەریانخستوە کە بەردەوامێتی بۆماوەیی لەدانیشتوانەکەیدا هەبوە لە پێش عوبەید بۆ سەردەمی عوبەید(özbal,2010, 301). سەرەڕای گردی کوردو قۆناغی گواستنەوە لە حەلەفەوە بۆ عوبەید لە چەندین شوێنی کوردستان دۆزراوەتەوە لەوانە تەپە گەورە و ئەرپەچییە.(Dabbagh, 1966,23 ) لەم شوێنانەدا تێکەڵی هونەری هەردوو کلتورەکە بەدی کراوە بەتایبەت لە هونەری گڵێنەسازیدا.

١-٣جیاوازی و وێکچونی کەلتوری عوبەیدی باکور و باشوور: هەرێمە ناوخۆییەکانی باکوری مێسۆپۆتامیا لەسەردەمی بەردینی کانزایی (کالکیۆلیتیک) لەهەندێ کایەی کەلتوری، ئاینی، ئابوری و سیاسی وێکچونیان هەبوە، بەڵام جیاوازبون لەوانەی باشوری مێسۆپۆتامیا. لە باکور لە هەزارەی پێنجەم و سەرەتای هەزارەی چوارەم کۆمەڵگا ڕەسەنەکان خۆکردانە و سەربەخۆیانە دەرکەوتبون. کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بە شێوەی هاوتەریب پێش ئەکەوتن، بەڵام بەهاتنی هەزارەی چوارەم گۆڕانکاری زۆر لە کایەی کۆمەڵگەدا هاتەکایەوە، لەناوەڕاستی ئەم هەزارەیە هەرەمی کۆمەڵایەتی و سەرکردەی بەهێز و ناوەندیخواز وایانکرد ئابوری پۆلێن کراو بێتە کایەوە بە ناوی ناوەندی سیاسی دەوڵەتە شار City States. لە نشینگە

sjh@univsul.edu.iq

عوبەیدیەکانی باکور، بۆنمونە لە گردی زەیدان لە سوریا و هەندێ جێگای تر، نیشانەی بەردەوامێتی کەلتوری حەلەف ڕوونە، لە هەمویان دیارتر بووکەڵە قوڕینەکانی تایبەت بەکەلتوری عوبەیدیی باشور کە بە (Ophidian) ناسراوە لە باکور جیاوازتر دروست کراون. لەوەش زیاتر، لە هونەری گڵێنەسازیدا باکورییەکان بەتەواوەتی تەرزی باوی نەخشاندنی سەر گڵێنەکانی باشوریان پەیڕەو نەکردووە و هاتوون شوێن پەنجەی هونەری خۆیان تێکەڵ کردووە، بۆ نمونە نەخشاندنی وێنەی ئاژەڵ و مرۆڤیان تێکەڵ بە نەخشە ئەندازەییە باوەکەی عوبەیدی باشور کردووە. (Stein,2012, 129 ) هەرچەندە گڵێنەی عوبەیدی باکور بنەچەکەی لە باشورە وە سەرچاوەی گرتووە بەڵام وێنەو دیمەنی بەشێک لە گڵێنەکان جیاوازی زۆریان هەیە لەگەڵ گڵێنەکانی باشور بە هۆی کاریگەربوونی گڵێنەسازەکە بەو شتانەی دەوروبەری کە ئەیانبینێت، بۆ نمونە لەسەر گڵێنەکانی عوبەیدی باشور زیاتر وێنەی هەشت پێ و بۆق و ماسی گرە و مار دەبینین بەهۆی کاریگەری ئەو ژینگە ئاویەی لە باشور هەیە بەڵام لەسەر گڵێنەکانی عوبەیدی باکور وێنەی سەری تاوس و مانگاو حاجی لەقلەق و بزنەکێوی و هتد ئەبینین تەنانەت لەسەر یەکێک لە گۆزەکانی عوبەیدی چوارەم کە لە تەپەگەورە دۆزراوەتەوە لە بەشێکی گۆزەکە دیمەنێکی سروشتی ناوچەیەکی شاخاوی دروستکراوە کە شاخ و ڕووبارو شوان و سەگ و ئاسکەکێوی تیادا دەردەکەوێت کە ئەمەش بە تەواوی کاریگەری ژینگە لەسەر گڵێنەسازەکە دەردەخات (حمە شریف، ٢٠١٥، ٣٧٠-٣٨١) بڕوانە وێنەی (٦).



وێنەی ژمارە (٦)

گۆزەیەکی سەردەمی عوبەیدی چوارەم لە باکور دیمەنی ناوچەیەکی شاخاوی پشن ئەدات

(Tobler, 1950 , Pl.CXXXIX,No.309)


سەبارەت بە سیستمی کارگێری لەباکور لەسەردەمی عوبەید جیاوازبوە لەوەی هاوسەردەمی لە باشور، بەتایبەت لەباکور پەرستگا ئەو ڕۆڵە مەزنەی نەبووە کەلەباشور هەیبوو، لەهەمان کاتدا پیشەوەری ناوەندی نەبوە، لەباکور سیستەمی خاوەندارێتی زەوی بەگشتی لەدەست خێزانی خاوەن دەسەڵات بوە. (Stein,2020, 176 ) ، وەک نیشانەیەک بۆ خێزانی بەدەسەڵات لە باکور، بینای تایبەتی دیوار ئەستور لە گردی زەیدان دەرکەوتووە، لە نیشنگە باکوریەکان بەڵگەی بونی پیشەوەری و بازرگانی لە هەریەکە لەتەپە گەورە و زەیدان هەیە. (Stein,2020,p.176 ) ئەمە لەکاتێکدایە کە لە باشور کانزای مس نە وەک خام نەوەک کەرەستە بەدی نەکراوە لەم سەردەمەدا، هەرچەنە هەندێ ئالوگۆڕی بەردی ئۆبسیدی هەبوە، بەڵام وا پێناچێ بازرگانی مەودا درێژ لە نێوان عوبەیدیە باشوری و باکوریەکاندا هەبوبێ. (Stein,2020,175) پرۆفیسۆر تسونێکی Tsuneki لە شیکاری گڵێنەکانی چینە جیاوازەکانی گردی سەید ئەحمەدان لەناوچەی قەڵادزە، ئاماژە بەهەبونی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی کۆنی سەید ئەحمەدان ئەکات لەگەڵ باکوری مێسۆپۆتامیادا بەتایبەت لە سەردەمی عوبەید، )

(Tsuneki, 2016,.104 ئەوەش ڕوونە کە لەدەشتی هەولێر بۆ نمونە لە گردی نادر شوێنەواری سەردەمی عوبەید دۆزراوەتەوە کە هاوسەردەمی چینی ١٧ی تەپە گەورەیە. (Beuger,2016, 19 )

لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لەسەرەتای سەردەمی عوبەید لێکچونی کەلتور لەنێوان تەپە گەورە چینی ١٢ لەگەڵ پیسدلی تەپە هەبووە. (Renette.2020. 113 ) تەپە گەورە وەک ناوەندێکی بازرگانی تێکەڵی کەلتوری لەگەڵ ناوچەکانی حەوزی زێی بچوک و ناوچەکانی تری باکوری مێسۆپۆتامیا هەبوە لە هەزارەی چوارەمدا. ) (Abedi,2019, 421 بەم پێیەش بێ ئەکرێ هاتوچۆ و پەیوەندی لەنێوان ئەم شوێنانە ئاسانتر بوبێ لەچاو پەیوەندیان لەگەڵ ناوچەکانی باشور. بەپێی ڕوپێویەکی شوێنەواری کەلەدەشتی شارەزوور ئەنجامدراوە دەرکەوتوە نیشتەجێ بون لەسەردەمی عوبەید زیاتر بوە لە چاو سەردەمەکانی پێشتر، دانیشتوانی شارەزوور لەم سەردەمەدا سەرەڕای ئەوەی هێشتا کۆمەڵگەی نیمچە شوانکارەبون بەڵام بۆماوەیەکی زیاتر لە جێگەیەکدا ئۆقرەیان گرتووە. (Altaweel,2012,24) ئەم زیادبونی ڕێژەی دانیشتوانە لە شارەزوور لەم سەردەمەدا ناکرێ بەهۆی هاتنی خەڵکی باشورەوە بوبێ. چونکە بەپێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان دەرکەوتوە، باکوری مێسۆپۆتامیا چڕی دانیشتوانی زیاتر بوە لەباشور لەسەردەمی عوبەیددا. بۆ نمونە لەباشور لە ٥٩ بۆ ١٥٧کم چوارگۆشە تەنها یەک شوێنی نیشتەجێبون هەبوە، لەکاتێدا لە باکور لە ٧ بۆ ١٠کم چوار گۆشە شوێنێکی نیشتەجێبون هەبوە. (Wilkinson,2000, 244) هۆکاری زیادبونی نیشتەجێ بون لە شارەزوور ئەکرێ بەهۆی ئەوەوە بوبێ کە ڕێژەیەک لە خەڵکی شوانکارەی گەڕۆکی ناوچەکە ئۆقرەیان گرتبێ و دوورکەوتبێتنەوە لە شوانکارەی.

بەپێی ڕووپێویەکی تر لە دەوروبەری زێی گەورە ئەنجامدراوە دەرکەوتوە کە نیشینگە عوبەیدیەکان لە هەمان نیشینگەکانی حەلەف دەرکەوتون، لەکاتێکدا حەلەفیەکان ١٨ نیشینگەیان هەبووە بەڵام لەسەردەمی عوبەید کەمی کردوە بۆ ١٣نیشینگە. پێ ئەچێ ژمارەی دانیشتوان کەمی کردبێ، چونکە ژمارەی گڵێنەی کۆکراوە بۆ زیاتر لە نیوە دابەزیوە لەچاو سەردەمی حەلەفدا، (Kolinski,2018,17, 34 ) ئەمەش پێچەوانەی زیادبونی دانیشتوانە لە شارەزوور لەسەردەمی عوبەید. لەسلۆپی و جزیرە لە شرناخی کوردستانی باکور هاوشێوەی شارەزوور نشینگە عوبەیدیەکان زیاتر بون لەوانەی حەلەف، (Algaze,2012,p.17-18) ئەمە لەکاتێکدایە لە شەنگال و جەزیرەی سوریا هیچ زیادبونێک لە نشینگەکاندا ڕووی نەداوە. (Iamoni, 2016, p.127)

هەژموونی کەلتوری عوبەید هەرچەندە لە ڕواڵەتدا ستونی هاتووە لەباشورەوە بۆ باکور، بەڵام کاریگەرییە ئاسۆییە جوگرافیەکەش بەڕوونی دەرکەوتووە، ئەتوانین بڵێین عوبەیدی باکور ئاسۆیانە ڕۆشتوە توانیویەتی پانتایی کەلتورە ناوخۆییەکان و کەلتوری پێش خۆی بەتایبەت حەلەف لەخۆیدا بهێڵێتەوە، لەهەمان کاتدا وەک ئۆتس دەستنیشانی کردوە لە شوێنەوارەکانی ناوچەی مەندەلی بەتایبەت لە چۆغەمامی و یەک کیلۆمەتر لەولاتیریەوە گردی سێرک عوبەیدی ٣ و ٤ کەبە عوبەیدی باکور ناوی بردون، ئەڵێت سەرەڕای کاریگەریە ناوخۆییەکان کاریگەری کەلتوری خوزستانی ئێرانیان زۆر لەسەرە. (Oates,1968,1, 20)بەم پێیەش بێ عوبەیدی سەرەتا ستونی ڕۆشتوە بەڵام قۆناغەکانی دواتری ئەم کەلتورە پاکژی خۆی لەدەستداوە و کاریگەری کەلتوری ناوخۆیی و دراوسێی تێکەڵ بوە. لە ئێستادا زۆرێک لەو زاراوانەی کە پەیوەستن بە بڵاوبونەوەی هەژمونی کەلتوری عوبەید خراونەتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەم کەلتورە دەقاودەق نەگوازراوەتەوە بۆ ناوچەکانی تر، هەر لەبەر ئەمەشە هەندێ توێژەر زاراوەی کارلێککردن (interaction) یان لاپەسەند ترە لە زاراوەی بەلکێشانی عوبەید بەتایبەت لە بابەتی گەیشتنی عوبەید بە باکور، (Carter, 2010,8) چونکە کارلێککردن ئەکرێ ئاڵوگۆڕی کەلتوری بێت، لەکاتێکدا پەلکێشان جۆرێک لە داگیرکاری و هەژمونی پێوە دیارە. بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، بەهۆی کەمی بەڵگەی شوێنەواریەوە بەڵگەی هەبونی بازرگانی مەودا دوور لەنێوان باکور و باشور لەم سەردەمەدا نەسەلەمێنراوە، لە کاتێدا بازرگانی هۆکارێکە بۆ کارلێککردنی کەلتوری. (Carter, 2010,8) شوانکارە کۆچەرییە وەرزیەکانیش بەیەکێک لە هۆکارەکانی گەیاندنی بنەما کەلتوریەکانی عوبەید ئەزانرێن بەناوچە دوورەکان، بۆ نمونە گەیشتنی گڵێنەی شێوە عوبەیدی ڕەنگ ڕەش لەسەر پرتەقاڵی تۆخ (Ubaid-like black on buff pottery) کە گڵێنەیەکی ناسراوی عوبەیدە بە ئەرمینیا. (Carter, 2010, 9) بڕوانە وێنەی ژمارە (٧)




وێنەی ژمارە (٧)
نەخشەی بڵاوبونەوەی کەلتوری عوبەید
https://www.medaratkurd.com/wp-content/uploads

کۆتایی عوبەید: قۆناغی گواستنەوە لە سەردەمی عوبەیدەوە بۆ سەردەمی ئوروک، قۆناغێکە کە زۆر لەبارەیەوە نازانرێت. (Marro, 2012, 13 ) ئەوەش کە بەردەستە لە چەند شوێنێکی نێوان باکوری میسۆپۆتامیا و سوریا دەست کەوتوە، .(Marro, 2012,14 )وەک لە حاجی نەبی لە سنوری نێوان سوریا و تورکیا شوێنەواری ئەم قۆناغە دۆزراوەتەوە، (Ahmed,2012, 24) لە گردی نادر لەدەشتی هەولێر چینێکی شوێنەواری لەنێوان چینی عوبەید و ئوروک دۆزراوەتەوە بە چینی گواستنەوە لەعوبەیدەوە بۆ ئوروک ناسراوە، هەندێ تەرزی گڵێنەی ئەم چینەی گردی نادر هاوشێوەیان لە گردەکانی قونتار و ئەبو جەیوب دۆزراوەتەوە. (Beuger,2016, 19 )لە شوێنەواری ئوروک/وەرکا چەندین چینی شوێنەواری نێوان کۆتایی عوبەید و سەرەتای دەست پێکردنی سەردەمی ئوروک بە ناڕوونی ماوەتەوە و بەقۆناغی گواستنەوە یان بە عوبەیدی پێنج ناو ئەبرێت. (Finkbeiner,2001, 151, 162 ) ئەم قۆناغەش لە ٤٥٠٠ بۆ ٣٨٠٠پ. ز. خایاند. ,Marro,2012 ) (p.29 کۆتایی عوبەید بەوەناسراوە کە لە ٤٥٠٠پ.ز. دەستی پێکردوە، بەڵام لە شوێنەواری سورێژە لەدەشتی هەولێر بەپێی شیکاری کاربۆن ١٤ دەرکەوتوە کە کۆتایی سەردەمی عوبەید لەهەولێر لە ٤٨٠٠پ.ز. دەستی پێکردوە، واتا لەم ناوچەیە سەردەمی عوبەید زووتر کۆتایی هاتووە. (Stein, 2017, 78 ) سورێژە گردێکە لە دەشتی هەولێر ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن تیمێکی زانکۆی هارڤاردەوە دۆزراوەتەوە، ساڵێک دواتر لەلایەن زانکۆی شیکاگۆوە کاری کنەوپشکنینی تێدا کراوە، دەرکەوتوەکە شوێنەواری سەردەمی عوبەید و ئوروکی تێدایە. . (Stein, 2017,136 )

ڕوون نیە ئاخۆ دەستاودەست کردنی نشینگەکان لە سەردەمی عوبەید بۆ ئوروک چۆنی بووە، بەڵام لە شوێنەواری ئەرپەچیە باس لە کۆتایی هاتنی عوبەید بەشێوەیەکی توند کراوە، بەتایبەت لە شێواندنی چینێکی سەرەوەی گۆڕستانێک، لە پاشماوانەی یەک مەتری سەرەوەی گۆڕستانەکە وا دیارە کە کۆتایی سەردەمی عوبەید بە شێوەیەکی توند وتیژانە بووە. ) Stein, 2017,136)

قۆناغی نە عوبەید نە ئوروک ( non-Ubaid non-Uruk ) لەلایەن شتاین Stein و عەلی زادە Alizadeh وە بەکارهاتوە بۆ قۆناغی کۆتایی عوبەید تا هاتنی ئوروک،( Stein, G. J.,2014, 134) لەکاتێکدا بە قۆناغی گواستنەوە Transition یان پاش عوبەیدیش Post Ubaid ناوئەبرێت، لەباکوری مێسۆپۆتامیا ئەم ماوەیە دابەشکراوە بۆ چەن قۆناغێک وەک LC1 قۆناغی ناسراو بە کالکولیتیکی دواییی یەکەم (٤٥٠٠- ٤٢٠٠پ.ز) لەهەریەکە لە گردی زەیدان و تەپە گەورە چینی ٧ شوێنەواری ئەم قۆناغە دۆزراوەنەتەوە، لەهەمان کاتدا، لەهەریەکە لە حاجی نەبی، حاموکار، گری ڕەش و تەپە گەورە قۆناغی دووەمی کالکولیتیکی دواکەتو (٤٢٠٠- ٣٨٥٠پ.ز ) هەیە. لەم سەردەمەدا لە ڕێگەی تەرزی بیناسازیەوە دەرکەوتوە کە ڕابەری سیاسی فەرمی "(formalized political leaders)" وەک شێوازی نوێی سیستەمی سیاسی دەرکەوتوە. خانوی بازنەیی گەورە و ڕازاوە لە چینی 11a لە تەپە گەورە وەک بەڵگەی ئەم شێوازە سیاسیە نوێیە ئەژمارکراوە. سەرەڕای بەڵگە بیناسازییەکان، مۆری ڕوو تەختیش لە چەند شوێنێک دۆزراوەنەتەوە کە بەڵگەی موڵکایەتی و لێپرسراویەتین, قۆناغی کالکولیتیکی دواییی سێیەم LC3 بە قۆناغی ڕاستەقینەی سەرەتایی دەرکەوتنی شارستانیەت لە باکور دائەنرێ، ئەم قۆناغە ٣٨٥٠ بۆ ٣٧٠٠پ.ز. خایاندوە.(Stein, 2012, 132-140) لەگردی سورێژە لەدەشتی هەولێر هەموو قۆناغەکانی پاش عوبەید بۆ ئوروک دۆزراونەتەوە بەڵام کەرەستە ماددییەکانی ئەم سەردەمەی سورێژە و دەشتی هەولێر جیاوازترە لەوانەی هەمان سەردەمی ناوچەکانی باکوری مێسۆپۆتامیا وەک لە ناوچەی موسڵ و خابور و دۆڵی بالیخ لە سوریا. .( Stein.,2014,134) هەردوو گردی قەڵا و لۆگردان لە ناوچەی چەمچەماڵ شوێنەواری عوبەید بۆ سەردەمی ئوروکیان لە خۆگرتووە. (Vallet, 2020,445) .

**ئەنجام**

**لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

١-کەلتوری عوبەید کەلتورێکی فراوانە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باشوری میسۆپۆتامیا و دواتر بە ئاڕاستەی باکوری میسۆپۆتامیا هەڵکشاوە، پاشان بە شێوەیەکی ئاسۆیی بڵاوبۆتەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا وڵاتی ئەرمینیای ئەمڕۆ پەلیکێشاوە، لە ڕۆژئاواوە تا سەردەری ناوەڕاست ڕۆیشتووە، لە باکورەوە بەشی زۆری وڵاتی تورکیای ئەمڕۆی گرتۆتەوە.

٢- ئەو ژینگەیەی کەلتوری عوبەیدی تیادا پەیدابووە ژینگەیەکی ئاوی بووە لە ناوچەی زۆنگاوەکانی باشور پەیدابووە ئەم ناوچەیە زەوی کشتوکاڵی کەمە و کشتوکاڵ کردن پشت بە ئاودێری دەبەستێت، ئەمەش جوتیارەکانی ناچار کردووە کەناڵی ئاوی دروست بکەن، جگە لەوەش ڕووبارەکانی دیجلەو فورات بەهۆی لافاوی زۆرەوە بە تایبەت لە وەرزی بەهاردا زەویە کشتوکاڵیەکانی لە ناوبردووە.

٣- بەر لەوەی کەلتوری عوبەید بگاتە ناوچەکانی باکوری میسۆپۆتامیا، لەو ناوچانەدا کەلتوری سامەڕاء و حەلەف بڵاو بووە بە تایبەتیش کەلتوری حەلەف کە ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی کۆنی گرتبویەوە.

٤- کەلتوری حەلەف لە ژینگەیەکی بە پیتی باراناوی پەیدا بووە، کشتوکاڵکردن پشتی بە باران بەستووە زەوی کشتوکاڵی زۆر بووە، جوتیارەکان لە کەشێکی ئارامدا کشتوکاڵیان کردووە و بەرهەمەکانیان دروێنە کردووە ئەم کەشە گونجاوە ڕەنگدانەوەی لەسەر داهێنان و لایەنی هونەری و ئابوریان هەبووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر داهێنانەکانیان هەبووە و گڵێنەکانیان بە جوانترین شێوە دروستکردووە چەندین نەخشی ئەندازەی و ڕووەکی و ئاژەڵی و ئادەمیان لەسەر گڵێنەکان بە شێوەی ڕەنگاو ڕەنگ دروستکردووە.

٥- عوبەیدیەکان بە شێوەی کۆچی بچوک بچوک و بە چەند قۆناغێک کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی باکور، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و کەمی زەوی کشتوکاڵی و خراپی ژینگەکەیان هۆکاری کۆچکەیان بووە، کۆچەکەیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە بووە تەنها لە گردی ئەرپەچیە نەبێت کە بە بۆچونی ماکس ماڵووان لەوێ شەڕ لە نیوان حەلەفیەکان وعوبەیدیەکان ڕویداوە .

٦- دوای گەیشتنیان عوبەیدیەکان بە ناوچەکانی باکور کاریگەربوون بە کەلتوری سامەڕاء و حەلەف بە تایبەتیش کەلتوری حەلەف کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر گڵێنەکانی سەردەمی عوبەیدی دووەم(حجی محمد) لە باکور و باشوربەجێهێشتووە هەروەک شوێنەوار ناسان ئاماژەیان پێداوە.

لیستی سەرچاوەکان


١-ابراهيم، نعمان جمعة (٢٠١٨) المدلولات الرمزيةللعناصر الزخرفية على فخاريات عصر حلف(٤٥٠٠)ق.م فی بلاد الرافيدين، مجلة الاداب، العدد ١٢٥، اربيل.

٢-ئەحمەد، جوتيار(٢٠٢٠) هەژموونی کلتوری شارستانییەت لە بنارەکانی زاگرۆسەوە بۆ قوڵایی میسۆپۆتامیا، سلێمانی.

٣- بمجى، فرج (١٩٤٨) بحث فى الفخار، مجلة سومر، مجلد :٤، الجزء الاول ولاثانى ، بغداد.

٤-حمه شريف، جزا شورش(٢٠١٥) فخار العبيد دراسة مقارنة بين جنوب العراق وشماله، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى قسم التاريخ والأثارالمصرية والاسلامية ( شعبة الآثار المصرية)، كلية الأداب بجامعة الاسكندرية، الاسكندرية.

٥- علي ،محمد عبداللطيف محمد (١٩٧٧) ،تاريخ العراق القديم حتى نهاية الألف الثالث ق.م،الإسكندربة .

6- *Abedi,Akbar(2019) Heidari, Reza, Salimi Salah , and Eskandari Nasir New Uruk finds in NW Iran> Hasanlu VIII-VII and no Kura-Araxes culture evidence in southern parts of Lake Urmia, Documenta Praehistorica , XLVI.*

7-Ahmed, K. M.( 2012) *The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis*, Unpublished PH.D., Dissertation, Leiden .

8- Algaze, G., Hammer, E., and B. Parker, The Tigris-Euphrates Reconnaissance Project, Final Report of the Cizre Dam and Cizre- Silopi Plain Survey Areas, *Anatolica* 38 (2012)

9- Altaweel M., et al.( (2012) New Investigations in the Environment, History, and Archaeology of the Iraqi Hilly Flanks: Shahrizor Survey Project 2009-2011, Iraq LXXIV.

10- Altaweel, M., et al. (2019) New Insight on the Role of Environmental Dynamics Shaping Southern Mesopotamia: from the Pre- Ubaid to the Early Islamic Period, *Iraq*.

Becker, Jörg et all (2012) The prehistoric settlement at Tell Halaf, **Periods of occupation.**

11- Beuger Claudia(2016) Short Notes on Chalcolithic Pottery Research: The Pottery Sequences of Tell Nader (Erbil ) and Ashur (Qalat Sherqt), In The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions, By Kopanias K.., and McGinns J.

12-Carter and Graham(2010) Deconstructing the Ubaid, in: *Beyond the Ubaid: Transformation and Integration in the Late Prehistoric Societies of the Middle East*, by Carter, R., and Graham Ph,. Studies in Ancient Oriental Civilization number no. 63, Oriental Institute of the University of Chicago, Chicago.

13- Campbell, S.( 2000)The Burnt House at Arpachiyah: A Reexamination, in Bulletin of the American School of Oriental Research.

14-Dabbagh T. (1966) Halaf Pottery, Sumer: 22.

15- Finkbeiner, U.( 2001) When does Ubaid end? When does Uruk begin? in Breniquet, C., and Kepinski, ch., Etudes Mésopotamiennes, Recueil de textes offert à Jean-Louis Huot. Editions Recherche sur les Civilisations, Paris .

16- Hall, H. R.( 1927) The Work of the Season 1919, in: Ur Excavations, vol. I , Al-Ubaid, by Hall H. R., and Wooly, L., Oxford.

17- Iamoni, M.( 2016) Across Millennia of Occupation: the land of Nineveh Archaeological Project in Iraqi Kurdistan: the Prehistory and Protohistory of the Upper Tigris Rediscovered, in The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions.

18- Issar, A., and Zohar, M.( 2007)Climate Change – Environment and History of the Near East, 2nd edition, Springer, Barlin.

19- Jasim, S., .A.( 1985)The Ubaid Period in Iraq Recent Excavations in the Hamrin region, Part I.

20-Kolinski, R.(2018 ) An Archaeological Reconnaissance in the Greater Zab Area of the Iraqi Kurdistan (UGZAR) 2012- 2015. In Proceedings of the 10th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East 25–29 April 2016, Vienna. By Horejs Barbara, et, al. V.

21- Mallowan , M. E. L.,and Rose, J. C.(1935) Prehistoric Assyria the Excavation at Tall Arpachiyah, 1933, Iraq 2, Part 1, London.

22- Matthews, R.( 2003) The Archaeology of Mesopotamia: Theories and Approaches, Psychology Press .

23- Marro, C.( 2012) Is there a Post Ubaid Culture? Reflections Transition from the Ubaid to the Uruk Period Along the Fertile Crescent and Beyond, in After the Ubaid: Interpreting Change from the Caucuses to Mesopotamia at the Dawn of Urban Civilization (4500- 3500 B.C), by Marro Catherine, Varia Anatolica XXVII, Paris.

24- Nissen, H. J.( 1988) The Early History of the Ancient Near East, 9000-2000 B.C. Chicago.

25- Oates, J. (1960)Ur and Eridu, The Prehistory, Iraq, 22 .

26-Oates, J. (1968) Prehistoric Investigations Near Mandali, Iraq, Iraq 30.

27- Oates, J. (1993)Review of : Nissen 1988, Journal of Near Eastern Studies 52.

28- ȍzbal, Rana(2010) The Emergence of Ubaid Styles at Tell Kurdu: a Local Prospective, in Beyond the Ubaid, by R., Carter and G., Philips, Chicago.

29- Potts, Daniel T.( 1983) A Contribution the History of the Term Gamdat Nasr, in Gamdat Nasr, Period or Regional Style? Papers given at a symposium held in Tȕbingen, , eds Uwe Finkbeiner and Wolfgang Rȍllig .

30- Renette, Steve and Ghasrian, Sirvan Mohammadi (2020)The central and northern Zagros during the Late Chalcolithic: An updated ceramic chronology based on recent fieldwork results in western Iran, Paléorient, 46.1-2. Severtsen, Uwe(2010) Buttress- Recess Architecture and Status Symbolism in the Ubaid Period, in Beyond the Ubaid: Carter, R., and Graham, Ph., eds .

31-Stein, G., J., Economy(1994) Ritual and Power in Ubaid Mesopotamia, in Chiefdom and Early States in the Near East the Organizational Dynamics of Complex, by G., J., Stein and M. S. Rothman, Monographs in World Archaeology 18: Madison: Prehistory Press

32- Stein, G., J.( 2010) Local identities and interaction spheres: Modeling regional variation in the Ubaid horizon, in Beyond the Ubaid: Carter, R., and Graham, Ph., eds., Studies in Ancient Oriental Civilization, number no: 63, Chicago.

33-Stein, G. J. (2012) “The Development of Indigenous Social Complexity in Late Chalcolithic Upper Mesopotamia in the 5th-4th millennia BC – An Initial Assessment, Origini XXXIV.

34-Stein G., J.( 2014) and Alizadeh A., Surezha, Kurdistan, Introduction: The Origins of Towns and Social Complexity in Northern Mesopotamia in the Chalcolithic Period, 5300–3500 bc., 2013-2014 Annual Report, Oriental Institute Publications, Chicago.

35-Stein G., J.,and Alizadeh, A., Excavation at Surezha (Erbil Plain, Kurdistan Region, Iraq), 2016-2017 Annual Report.

36- Stein G., J.,and Alizadeh A.( 2017) Excavation at Surezha (Erbil Plain, Kurdistan Region, Iraq), 2016-2017 Annual Report.

37- Stein, G., J.(2020)Leadership Strategies and the Multi- linear Development of Social Complexity in Ubaid Mesopotamia and Susa A Southern Iran (5500-4000 B.C.E), Pathways Through Arslantepe Essays in Honour of Marcella Frangipane, by Restelli, Francesca Balossi, et al., Rome.

38- Tobler,Arthur.J.,Excavations at Tepe Gawra ,vol.2,Universty of Pennsyl -vania press-1950.

39-Tsuneki, A., et al(2016) Excavation at Qalat Asid Ahmadan, Qaladizah, Iraq - Kurdistan: Second Interim Report (2015- Season), AL-RĀFIDĀN Vol. XXXVII.

40- Vallet, R.( 2020)Early Uruk Expansion in Iraqi Kurdistan: New Data from Girdi Qala and Logardan, in Proceedings of the 11th International Congresson the Archaeology of the Ancient Near East 03–07 April 2018, Munich Edited by Adelheid Otto, Michael Herles, Kai Kaniuth, Lorenz Korn and Anja Heidenreich, Harrassowitz Verlag, Wiesbaden.

41- Wilkinson, T., J.( (2000)) " Regional Approaches to Mesopotamian Archaeology: The Contribution of Archaeological Surveys. " Journal of Archaeological Research 8.

42- Woolley. C. L,.( 1927) The Work of the Season 1923-4, in Ur Excavations, vol. I, Al-Ubaid, by Hall H. R., and Wooly,L., Oxford.

43-https://archeologie.culture.gouv.fr/tell-feres/ar/mediatheque/antshar-thqaft-albyd.

44-https://www.medaratkurd.com/2016/03/28.

**Absract**

The first cultural conquest of ancient Kurdistan by the Obaids

The Obaid culture is regarded as the first cultural phenomenon to arise in southern Mesopotamia following the retreat of the Arabian Gulf, which allowed land to emerge in the region. Each culture is uniquely shaped by its environment, and the Obaid culture subsequently spread from southern to northern Mesopotamia, influencing ancient Kurdistan. This expansion marked a historical "cultural invasion," as the dominant Halef culture in the southern and western parts of Kurdistan was replaced by Obaid culture, which characterized the southern regions.

The Obaid culture transformed pottery-making techniques, incorporating regional influences that led to changes in decoration, particularly evident in the pottery from Northern Obaid. The paper explores the origins of the Obaid culture, its spread and impact on northern Mesopotamian cultures (Kurdistan), and the reciprocal influences between the two regions. Additionally, it examines the similarities and differences between southern and northern Obaid cultures, highlighting the extent to which Obaid culture influenced northern cultural practices

sjh@univsul.edu.iq